بڕەی ڕێخنەی دژی هاوڕێگەزخوازان پۆلیسی بریتانیا کچێکی دەستگیرکرد

پۆلیسی شاری لیدز لە بریتانیا ڕووبەڕووی ناڕازایەتی زۆر بووە دوای ئەوەی کچێکی تەمەن 16 ساڵ بە شێوەیەکی دەندانە لە ماڵەکەی خێوەت لەلایەن حەوت پۆلیسەوە دەستگیرکرا بە تەمەتی "قسەی دژ هاوڕێگەزخوازی" دوای ئەوەی بە ئافرەتەکی پۆلیسی گوت "تۆ لە داپیرە هاوڕێگەزخوازم دەچیت".

بڕاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیی ساتی دەستگیرکردنی کچە گەنجەکە کە لەلایەن دایکی کچەکە تۆمارکراوە توڕەییەکی زۆری لێکەوتەوە، کە لە ڤیدیۆکە دایکەکە نیشان دەدرێت کە داوا لە پۆلیس دەکات واز لە کچەکەی بێنن لەبەر ئەوەی نەخۆشی ئەتیزمی هەیە و مەبەستی هیچ نییە لە قسەکانی، بەڵام ئەفسەرەکانی پۆلیس هەموو قسەکانیان پشتگوێ خستووە و کچەکەیان دەستگیرکردووە سەرەڕای ئەوەی کە باری هەستیارە و گریانی بەردەوام بووە.